**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٣٠٣٩ لە ٢٠٢١/٥/٩**

پاڵپشت بە هەردوو ماددەی ( پارزدەیەم ) و ( بیست و پێنج) لە یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( ١٠ )ی ساڵی ٢٠١٢ ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی ڕەژوو**

**ماددەی (١):** میکانیزمی ڕێکخستنی پێدانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی ڕەژوو بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم :** لیژنەیەکی سەرپەرشتیاری پسپۆر پێکدێت بۆ سەرپەرشتی دروست کردنی ڕەژوو لە هەرێمی کوردستان عێراق بە سەرۆکایەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان و ئەندامێتی (نوێنەری پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە و نوێنەری دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە) و ئەرکەکانی بریتیە لە:

أ- دیارکردنی میکانیزمی کارکردن بەم ڕێنماییە.

ب- چاودێری و بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** لیژنەی پێدانی مۆڵەت بۆ هەر پارێزگایەک پێکدێت بە سەرۆکایەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگا و نوێنەری (فەرمانگەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە ) لەو قەزایانەی کە جێگای دروست کردنی ڕەژووی بۆ دادەمەزرێت و ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە پێك دێت لەمانەی خوارەوە:

أ- پشکنینی جێگای دروستکردنی ڕەژوو.

ب- پشکنینی ئەو دارانەی کە پێشنیار دەکرێن بکرێتە ڕەژوو.

ج- داواکردنی هەموو بەراییەکان کە پێویستن بۆ ئەم مەبەستە.

د- چاودێری کردنی دروستکردنی ڕەژوو و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر سەرپێچیەك.

**سێیەم:** پەسند کردنی مۆڵەت لە لایەن بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی پارێزگا دەبێت.

**ماددەی (٢):** چەند جێگایەك بە پێی پێویست لە ناوچەی جیاجیا بۆ مەبەستی دامەزراندنی کارگەی ڕەژوو لەلایەن ئەو کەسانەی کە مۆلەتی دروستکردنی ڕەژوویان پێ دەدرێت دیاردەکرێت، و بریتی دەبێت لە پارچە زەویەك بە ڕووبەری پێویست، و پێویستە کۆنترۆڵ بکرێت لەلایەن (پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە) و لە ژێر چاودێری لیژنەی پێدانی مۆڵەت بێت، و پێویستە یەکەی ئیداری و فەرمانگەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی پارێزگا ڕەزامەندیان لەسەر هەبێت و ئەم جێگایە لە دەرەوەی سنوری شارەوانی بێت.

**ماددەی (٣):** ڕێگە دەدرێت بەو کارگانەی ڕەژوو دروست کردن کە مۆڵەتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییان هەیە ، ڕەژوو دروست بکەن بەمەرجێک تەنها ئەو دارانە بەکاربهێنن کە لە ماددەی ( ٤ )ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەیان پێدراوە و لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری بەردەوامی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگاکان کار بکەن.

**ماددەی(٤):** تەنها مۆڵەت دەدرێت بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە دارانەی خوارەوە بۆ مەبەستی دروستکردنی ڕەژوو:

**یەکەم :** پاشماوەی داری کارگەکانی دارتاشی.

**دووەم:** داری کۆن وەکو داری کاریتە و هتد....

**سێیەم:** داری وشك لەناو دارستانەکان دوای پشکنینیان لە لایەن لیژنەی پێدانی مۆڵەت و بەو مەرجەی لە ژێر چاودێری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت.

**چوارەم:** ئەو دارانەی کە دەبڕدرێنەوە لەبەر جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی گشتی گرنگ.

**پێنجەم:** داری دەست بەسەر داگیراو کە لەلایەن دادگا و لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت بە پێی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بەم بابەتە.

**شەشەم:** پاشماوەی داری دارستانی هەڵپاچراو بە پێی ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتیەکانی دارستان و پاوانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و لەژێر چاودێریان.

**حەوتەم:** پاشماوەی باخەکانی باخداری کەرتی تایبەت بە پێی هاتوو لە خوارەوە و دوای ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان:

أ-داری وشکبوو.

ب-داری تەمەن گەورە یان بەرهەمی کەم بێت.

ت-داری توشبوو بە نەخۆشی و مەگەز کە چارەسەری ئەستەم بێت.

ث-داری ئەو باخچانەی کە دەکەونە ناو پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە یان ماستەر پلانی سنوری شارەوانیەکان پاش پێدانی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**هەشتەم:** داری سوتاوی دارستانەکان بە مەرجێ ئەوەی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بڕیار بدرێت بۆ بەکارهێنانی بۆ دروست کردنی ڕەژوو.

**ماددەی (٥):** ئەم کرێیانەی خوارەوە وەردەگیرێت لە داواکاری مۆڵەتی دروستکردنی ڕەژوو :

**یەکەم:** بڕی ( ٢٥٠٠٠ ) بیست و پێنج هەزار دینار کرێی پشکنین.

**دووەم:** بڕی ( ١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کرێی دەرهێنانی مۆڵەت.

**سێیەم:** بڕی ( ٥٠٠٠٠ ) پەنجا هەزار دینار کرێی نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** پێویستە داواکار بەڵێننامە پێشکەش بە لیژنەی پێدانی مۆڵەتی دروست کردنی ڕەژوو بدات بە پابەندبوون بە گشت ماددە و بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە بەر لە وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی ڕەژوو.

**دووەم:** پێویستە خاوەن مۆڵەت پابەندبێت بە گشت ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی.

**ماددەی (٧):** دروست کردنی ڕەژوو بە شێوەی کوورە و هاوشێوەکانی قەدەغەیە بە هەموو شێوەیەک.

**ماددەی (٨):** ڕێگە نادرێت بە ناردنی ڕەژووی خۆماڵی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان - عێراق بە هیچ شێوەیەك.

**ماددەی (٩):** ڕێگە دەدرێت بە هاوردە کردنی ڕەژوو بۆ ناو هەرێمی کوردستان - عێراق.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** گواستنەوەی ڕەژوو لە نێوان پارێزگاکان تەنها بە پێی ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان دەبێت.

**دووەم:** گواستنەوەی ڕەژوو لە نێوان شار و شارۆچکەکانی یەك پارێزگا بە پێی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگاکان دەبێت.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** پێویستە خاوەن مۆڵەت ڕەژووەکانی بکاتە ناو کارتۆن یان گونیە (گووش) و پێویستە گشت ئەو زانیاریانەی خوارەوەی لەسەر تۆمار بکات :

**أ-** ناوی خاوەن مۆڵەت.

**ب-** ژمارە و ڕۆژی پەسندکردنی مۆڵەت.

ج- ژمارەی تەلەفۆن.

**د-** ناو و ناونیشان و لۆگۆی کارگەی بەرهەمهێنی ڕەژوو.

**دووەم:** تەنها بۆ خاوەن مۆلەت هەیە کە ئەو ڕەژووەی بەرهەمی هێناوە بیکاتە ناو ئەم کارتۆن و کیسانە.

**ماددەی (١٢):** ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی کاتی بۆ دروستکردنی ڕەژوو ژمارە ( ٩ ) ی ساڵی ٢٠١٣ هەڵدەوەشێتەوە

**ماددەی (١٣):**ئەم ڕێنمایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٣٠٨٤ لە ٢٠٢١/٥/١٠**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

تایبەت بە درێژکردنەوەی بڕیاری (٦١١)ی ساڵی ١٩٧٧ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم بەیانە

**یەکەم:** درێژکردنەوەی بڕیاری (٦١١)ی ساڵی ١٩٧٧ تایبەت بەبڕیارەکانی تەسویە و ڕاستکردنەوەی ناوی جوتیار

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوی تاوەکو ساڵێک .

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**